سەرکی حکومەتی هەرێم بەبۆنەی رۆژی جیهانی کرێکارانەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە

مەسرور بارزانی، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران بڵاوکردەوە.

لە پەیامەکەی سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، "بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، پیرۆزبایی لە سەرجەم کرێکارانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم. ئێرک و ماندووبوون و ڕۆڵی دیاری کرێکارانی کوردستان لە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی ئابووریی کوردستاندا بەرز دەنرخێنم".

مەسرور بارزانی دەشڵێت، "لەم بۆنەیەدا، پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پێناو باشترکردنی ژیانی کرێکاران و پاراستنی مافەکانیان، لە ڕووی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی و دابینکردنی مافە یاساییەکانیان دووپات دەکەینەوە".

لە کۆتایی پەیامەکەیدا، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕی خستووەتەوە، "ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پیرۆز بێت و هیوای ژیانێکی شایستە و باشتریان بۆ دەخوازم".